# زوهدت هەبێت لە دونیادا؛ خوای گەورە خۆشی دەوێیت، وزووهدت هەبێت لەوەی کە لە نێو دەستی خەڵکیدایە؛ خەڵکی خۆشیان دەوێیت

لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێنیشاندەرم بە بۆ کردەوەیەک کە ئەگەر ئەنجامی بدەم ئەوا خوای گەورە خۆشی دەوێم وخەڵکی خۆشیان دەوێم؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «زوهدت هەبێت لە دونیادا؛ خوای گەورە خۆشی دەوێیت، وزووهدت هەبێت لەوەی کە لە نێو دەستی خەڵکیدایە؛ خەڵکی خۆشیان دەوێیت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێراویەتیەوە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکات سەبارەت بە ئەنجامدانی کردەوەیەک کە ئەگەر ئەو کردەوەیە بکات ئەوا خوای گەورە خۆشی دەوێت وخەڵکیش خۆشیان دەوێت، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنمایی کرد بۆ کردەوەیەکی گشتگیر وکۆکەرەوە کە هۆکارە بۆ خۆشەویستی خوای گەورە وخۆشەویستی خەڵکی. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: (زوهدت هەبێت لە دونیادا)، واتا: تەنها ئەوەندەت بەس بێت کە پێویستە و واز لە شتی زیادە وشتێک کە سوودی نەبێت بۆ قیامەت بهێنێت، ودوور بیت لەو شتانەی کە زیانیان هەیە بۆ سەر ئاینەکەت (دینداریەکەت)، زوهدت هەبێ لە دونیادا سەبارەت بەو شتانەی کە خوای گەورە بە خەڵکی بەخشیوە، ئەگەر لە نێوان تۆ ویەکێک لە ئەوان مافێک یان گرێبەستێک هەبوو؛ ئەوا لێبوردە وئاسان بە، هەروەکو چۆن لە فەرموودەکەدا هاتووە: (خوای گەورە ڕەحم دەکات لە کەسێک کە لێبوردە وئاسان بێت ئەگەر بفرۆشێت وبکڕێت وقەرز بدات)، وئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لای خەڵکی خۆشەویست بیت وخوای گەورە ڕەحمت پێبکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4307

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee